NORTH DAKOTA
DEPARTMENT *of* HEALTH

# ئەنسراكس

## ئەم پرسيارانەی کە زۆر دەكرێن

**ئەنسراكس چيە؟**

خەڵك بە سێ ڕێگەی جياواز تووشی نەخۆشی ئەنسراكس دەبن : بەهۆی هەڵمژينی سپۆڕەكانی بەكتريا ، وە بەهۆی خواردنی گۆشتی پيسی ئاژەڵێكی تووش بوو بە نەخۆشی ئەنسراكس ، وە بەهۆی تووش بوون بە سپۆرەكان يان بەكتريا لە ڕێگەی پێست . باوترين شێوەكانی ئەنسراكس لە مرۆڤ بريتيە لە شێوەی پێست ( ئەنسراكسی تووش بوو بەهۆی پێست ) . ئەنسراكسی هەڵمژراو وەيان لە ڕێگەی ڕيخۆڵە زياتر كوشندەن .

**ئايا دەبێت من چی بكەم ئەگەر هەستم كرد تووشی ئەنسراكس بوومە؟**

يەكسەر بەدوای چارەسەری پزيشكی بگەڕێ . نيشانەی شێوەی هەڵامەت دەردەكەوێت لەم نەخۆشانەی كەوا تووشی ئەنسراكسی هەڵمژين بووونە كەوا بەشێوەيەكی خێرا پەرە دەسێنێت دەبێتە بەزەحمەت هەناسە وەگرتن و دانەوە. ئەنسراكس لە ڕێگەی پێست دەست پێدەكات بە دەركەوتنی ئاوسانێك ( بڵۆق) لەسەر پێست كەوا دەبێتە هەڵئاوسانێكی ( پووفكە) پڕ لە شلە. پاشان ناوەڕاستی هەڵئاوسانەكە ڕەش دەبێت . ئەنسراكس لە ڕێگەی ڕيخۆڵە دەبێتە هۆی سك چوونێكی زۆر و سكچوونێكی خوێناوی و ڕشانەوە و رەق بوونی سك .

**ئايا من نەخۆشی ئەنسراكس لەمەڕومالاَتەكەم دەگرمەوە ؟**

بەڵێ ، هەرچەندە مەترسيەكە كەمە . يەكێك لەم شێوانەی ئەنسراكس كەوا مرۆڤ لە گيانداراەوە تووشی دەبێت بريتيە لە ئەنسراكس لە ڕێگەی پێست. مەترسی گرتنی ئەنسراكس لە ڕێگە هەڵمژين يان ڕيخۆڵە زۆر كەمە .

**مەڕومالاَتەكەم نەخۆشی ئەنسراكسيان هەيە . ئايا پێويستە من دژە زيندەگی ( ئەنتيبايۆتيك ) وەربگرم وەيان بكوترێم ؟**

هيچ ڕێنمايەك نيە بۆ جووتياران و خاوەن كێڵگەكان يان ئەم كەسانەی كەوا لەگەڵ ئاژەڵی هەڵگری نەخۆشی ئەنسراكس كاردەكەن لە ويلايەتە بەكگرتووەكانی ئەمريكا بۆ ئەوەی خۆيان بكوتن يان چارەسەر بكەن بەهۆی دژەزيندەگی ( ئەنتيبايۆتيك ) بۆ ڕێگە گرتن لەم نەخۆشيە . ئەگەر بەشداربوويت لە تاقی كردنەوەی كردنەوەی لەش وەيان بەشێوەيەكی زۆر كەوتيە بەر شلەی لەش وەيان ڕيشاڵەكانی ئاژەڵێكی تووش بوو ، ئەوا پێويستە سەردانی پزيشك بكەيت.

**چۆن خۆم بپارێزم كاتێك كەوا كاردەكەم لەگەڵ ئاژەڵی نەخۆش و لاشەی ئاژەلاَن ؟**

دەبێت ئەم كەسانەی كەوا كار لەگەڵ ئاژەڵی نەخۆش و لاشەی ئاژەلاَن دەكەن جزمە و دەستەوانەی لاستيكی و بانتەڵۆنی درێژ و كراسی قۆڵ درێژ لەبەر بكەن . دوای كاركردن لەگەڵ ئاژەڵەكان ، دەستەكانت و لەگەڵ هەربەشێكی بەركەوتووی پێست بە سابون بشۆ و لە ژێر ئاوێكی بەردەوام هاتوو .

**ئايا دەبێت من چی بكەم ئەگەر لەشم بەر دەرزيەك كەوت كەوا بەكار هاتبوو بۆ كوتانی ئاژەلاَن دژی نەخۆشی ئەنسراكس ؟**

ئەم ڤاكسينەی كەوا بەكارهاتووە بۆ مەڕومالاَت بەكترياى زيندووی تيادايە كەوا هيچ بەرگێكی دەرەكی نيە بۆيە نابێتە هۆی نەخۆش بوونی مرۆڤ . دەبێت برينەكە خاوێن بكەيتەوە و سەردانی پزيشك بكەيت .

**من مەترسيم هەيە لەخۆڵ و ئاوی سەرەوەی ئەم شوێنانەی كەوا مەرومالاَت تيايدا مردوون ؟ئايا ئەم شوێنانە مەترسيدارن ؟**

لەبەر ئەوەی ئەم شوێنانە مەڕومالاَت تيادا مردوون و تووشی شی بوونەوە بوونە و لەوانەيە سپۆڕی تيادا بێت ، بۆيە دەبێت خەڵك هەمان ئەم هەنگاوانەی خۆپاراستن كە لەسەرەوە باسكران بگرنە بەر . هەرچەندە ئاوی سەر ڕوو مەترسيەكی زۆر كەمتر دروست دەكات ، دوور كەرەوە لەبەكار هێنانی بەربەست و حەوزی ئاژەلاَن بۆ بەكار هێنانی تەنها بۆ خۆشی ئەگەر ئاوەكە لاشەی مردووی ئاژەلاَنی تيادا بێت . هيچ جۆرە ئەنسراكسێك بەهۆی ئاوەوە نەگوازراوەتەوە لە باكووری داكۆتا .

600 E. Boulevard Ave., Dept. 301, Bismarck, N.D. 58505-0200
تەلەفۆن 701.328.2372 فاكس : 701.328.4727